The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# دەبێ سەدام و تاوانباران تا دوا دۆسییە و پرۆسەی دادگاییکردن لە دادگادا بن

بەپێی هەواڵەکان وابڕیارە لە سەرەتای مانگی نۆڤێمبەردا لەسەر دۆسییەی دوجەیل، سەدام و هەندێ لە داروودەستەکەی سزاییان بەسەردا ببڕێتەوە، ئەو سزایەش دەکرێ سزای لە سێدارەدان بێت. لەئەگەری جێبەجێکردنی سزاکەدا، بەرلەوەی دۆسیەی ئەنفال و کۆمەڵکوژیەکان و تاوانەکانی دیکە تەواو ببن، ناتواندرێ تاوانباران ڕاستەوخۆ و بەزیندوویی لەسەر تاوانەکانیان کەدژی گەلی کورد ئەنجامیان داوە، تاوانبار بکرێن.

ئێمە وەکو ناوەندی چاک داوا دەکەین، کەوا بڕینەوەی سزای تاوانباران دوابخرێت، یاخود سزاکە جێبەجێنەکرێت تا هەموو دۆسییەکان تەواو دەبن، بەمجۆرە تاوانباران لەسەر هەموو تاوانکاری و کۆمەڵکوژیەکانی وەکو کۆمەڵکوژی بارزانیەکان، کیمابارانی هەڵەبجە، بەعەرەبکردنی یەزیدیەکان، پاکتاوی فەیلیەکان، بۆردومانی قەڵادزێ، پاکتاو و بەعەرەبکردنی ناوچە سنوریەکانی کوردستان هتد. دادگایی بکرێن، تاوانەکانیان دەربخرێن و ئاشکرا بکرێن، پاشان سزایان بەسەردا بسەپێندرێت یا سزاکانیان جێبەجێبکرێت.

دەبێ تاوانباران لە هەموو پرۆسەی دادگاییەکان و لە هەموو دۆسیەکاندا ڕابکێشرێنە دادگا، بە چاو و گوێی خۆیان قوربانیان ببینن و گوێبیستی تاوانەکانیان بن، هەروەها ئەو تاونانەی ئەنجامیان داوە بەرەوڕوویان بکرێتەوە، دەبێ خۆیان بە زیندوویی گوێیان لە دوابڕیاری دادگا و سزاکەیان بێت.

ئەگەر دادگای باڵای تاوان، سزای کوشتن بەر لە تەواوبوونی هەموو دۆسیەکان جێبەجێ بکات، ئێمە ئەوە بە پیلان دژی گەلی کورد و سڕینەوەی شوێنەواری تاوانی گەلکوژی دادەنێین، ئێمە لە ئاستیدا بێدەنگ نابین و بەکاردانەوەی پێویست هەڵدەستین.

لەو بارەدا داوا لە دەسەڵاتی کوردی، پارت و ڕێکخراوەکان، ڕێکخراوە سەربەخۆکان، ڕۆشنبیران و خەڵکی کوردستان دەکەین پرۆتستۆی ئەو هەنگاوەی دادگا بکەن و بەکاردانەوەی پێویست هەڵسن.

ناوەدنی چاک
2006/10/16